دەزگای هەواڵگری دوو لە مەترسیدارترین سەرکردەکانی داعش لە دەرەوەی سنوورەکان دەستگیر دەکات

ئەمە شەممە،دەزگای هەواڵگری نیشتمانی دەستگیرکردنی دوو لە مەترسیدارترین سەرکردەکانی داعشی لە دەرەوەی سنوورەکان ڕاگەیاند.

لە بەیاننامەیەکی دەزگاکەدا هاتووە:- لەژێر بەدواداچوونی کەسی سەرەک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و هەوەی ناوازە و بەدواداچوونی هەواڵگری،هێزەکانی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق توانیان دوو کەس لەو کەسانە دەستگیربکەن، کە لەگەڵ مەترسیدارترین سەرکردەکانی تیرۆریستانی داعش دەستیان هەبووە لە قۆناغەکانی تاوانە تیرۆریستییەکان لە عێراق ، کە دەستگیر کردنیان لە ئەپڕاسیۆنێکی دیاریکراو بووە لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراق، کە تیرۆریستەکان هەریەک لە (عیسام عەبد عەلی سەعیدان) نازناوی (ئەبو زەید)،کە ڕاگەیەندکاری داعش بوە لە ویلایەتی بەناو پارێزگای فەللوجە، کە دەستی لە سەربڕین و شەهیدکردنی سەربازی عێراقی (کازم ریکابی) هەبووە،کە بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی سەرجەم چالاکییە میدیاییەکانی باندە تیرۆریستییەکانی داعش لە دوای ساڵی 2014، هەروەک براکەی (بەشیر عەبد عەلی سەعیدان) تیرۆرست دەستی هەبووە لە بەڕێوەبردنی چەندین تاوانی تیرۆریستی، دیارترینیان شەهید کردنی هەردوو سەرباز موستەفا عەزاری و سەمیر مراد دەڕێیی هەروەها بەرپرسە لە هەموو هەرشە تیرۆریستییەکانی داعش لە فەللوجە لە دوای ساڵی 2015، و بەرپرسی پاراستن و

کەدکردنی پەیوەندییەکانی سەرکردەکانی باندە تیرۆریستییەکان بووە.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- سەرکۆتنەکانی قارەمانانی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق بەردەوامە بەسەر هێزەکانی تیرۆر و تاریکی و ناپاکی، بەڵام بە گەلە بەشەرەفەکەیان دەدەن کە بەردەوام بن لە هاوەدوونانی ئەو تاوانبارانە یەک لە دوای یەک